www.kurdistannet.org
17-9-2007 22:11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

زەوی بەرانبەر ئاشتی ... دلێر محمـودسابیر



لـە ژێرتـەمـەنـی هـەرزەکاریمـەوە بـە سـاڵانێکی کـورت کـە نـاو بـە نـاو لـە باسـی سیاسـەت خـۆم نزیـك ئەکردەوە وەك فزووڵ، تاوە تاوێ بەرگوێمان ئەکەوت کە ئەبێ هێزەکـانـی سـوپای ئیسرائیل لەو زەویانە پاشە کشە بکەن بۆ پێش ساڵانی 67، کەواتە پێش ئەو ساڵە عەرەب نشین بووە و ئێستاش پڕ کراوە لە جوولەکەی هاوردە و خاوەن مـاڵ و دەسەڵات و کۆمپانیاو هەموو کەرەسەی ژیان و مانـەوەیـان بـۆ دابـین کـراوە، بـە کورتی بووە بـە ووڵاتـی تـا نـەمانیـان، لـەو سـەردەمـەوە ئـوممـەی عـەرەبـی (ئـێش کـوبرە) بـە سـەدان کـۆنگرەو ماسـتاو سـارد کردنـەوەو کلکـە لـەقـێ بـۆ سـەرانـی ئیسرائیل تا بە حەجمی خانێك بۆ کەری عەرەبـی فـەلـەسـتینیـەکـان چـۆڵ بکـات، مێشێ میوانی نیە و ناچێتە ژێر باری هەڕەشەو داواو فشاری تێکڕای ئـەو ئـوممـە سێ بەشی دنیایەی کە بـە زمان هیچیان نـەهێشتۆتـەوە بـەڵام بـە کردەوە هـەمـوو کـەنـاڵـە جیـا جیاکانیـان دۆڕاند بـە هـەموو شـەڕە خۆ تڕێنـەکانیشـەوە،

لـە کوردستان بـە هـەمان شێوە لـەوێ جووڵـەکـەی هـاوردە هـەیـە، لـە مـەڕئێمـەش عـەرەبـی هـاوردە، کـەی ئەوان لەوێ بستێ زەویان دایەوە بـە خاوەنـەکانـی ئـەوا ئـەوسا دڵنیا ئـەبین کـە لای ئێمـەش پاشـە کشـەی عـەرەبـی هـاوردە لـە دوا بستە خـاکی کوردسـتان دەسـت پـێ ئـەکـات، کـورد لـەوەتـی فـامی کردۆتـەوە مەسەلەیەکی میراتی هەیە و ئەبێ داکۆکی لێ بکات کەم تەرخەمـی نـەکـردووە و شـەڕی دەیـان سـاڵـەی کوردستانیش هـەربـۆ کـەرکـوك بـووە و ئێستا ناوچـە دابـڕاوەکانیشـی سـەر بـاقی هـەمـوان بـۆ کـراوەتـە کێشەیەك، لێرەدا نازانرێ قورسایی گوشاربخرێتە سـەر داوا کردنـی کـەرکـووك یـان گـەڕانـەوەی ناوچـە دابڕاوەکان؟ چونکە ناکرێ داوای دوو شت بکەی کە هـەر یـەکـەی بـۆ مـەبـەسـتێکـە، ئـەگـەر داوای کورکـوك بکرێ ئـەوا دیـارە بۆ جیهان کە سەرچاوەی نـەوتـەو فشـاری زۆرتـری ئـەوێ و هـەمـوو نـاحـەزانـیش نـاچنـە ژێری وا بـە ئاسانی کەواتە یەك یەك و لـە گرنگەکەیانـەوە دەسـت پێ بکرێ ئـەویش کـەرکـوکـە چونکـە بـە گـەڕانـەوەی ئـەبێتـە کلیلی کردنـەوەی دەرگاکانـی تری گفتو گۆ بۆچارەسـەرکردنـی کێشـەی دووهـەم، بـەڵام ئایا عـەرەبـی هاوردە کـە دەیان نـەوەیان لـەوێ خستۆتـەوە بـە هـەمـوو دۆکیمێنتکـەوە ئامادەن خۆ بـەخشـانـە یان بـەو بڕە پارەیـە ئـەو مێژووە بـە جـێ بهێڵن کـە دروسـتیـان کـردووە و کـوڕ و کـوڕەزایـان وا خێزانـی تـرو وەچەی ترئـەخاتـەوە؟ لـە زۆربـەی ووڵاتـانـی دنیا قـانـون وایـە ئـەگـەر کـەسێك بچێتـە خاکـەکـەیـەوە داوای نیشتەجێ بوون بکات بـە پێی یاسایەکـی تایبـەتـی دوای پێنـج سـاڵ یـان زیـاتـر دەبێتـە هـاووڵاتـی پلـەی یەکەم و هـەموو مافێکی هاووڵاتـی ئـەو شوێنـەی پێ ڕەوایـە، جا ئـەگـەر عـەرەبێکی هاوردە لـە پـەنـجـا سـاڵ پێش ئێستا گۆڕی باپیرانیشی خزێنرابێتە خاکی کوردستانـەوە چۆن ئـەکرێ وا بـە ئاسانـی دەست بـەرداری بێت؟ کـەواتـە ئـەو زەمانـەی کـە ئیسـلامـەکـان بـۆ ڕاونـان و داگیرکردنـی خـاکـی کوردسـتان هـاتوون تـا خـەڵکـەکـەی بکـەن بـە موسوڵمان، زۆریـان شـەهید داوە لـە گـەورە ئـەسحابـەکـانـی و هـەرلـە سـەرخـاکـی کوردستانیش نێژراون کە زۆربـەیان عـەرەبن ئـەی بۆ ئـەوانـە ئـەڵێن چـی؟ کـەواتـە تـا ئـەوانـە گۆڕیـان لـە کوردستاندا هـەبێت عـەرەب هـەر لـە کوردستان ئـەمێنێت (هـەرچـەند ئـەوان شـانـازیان پێوە ناکـەن) بـەڵام لای کوردی موسوڵمان هـەیبـەتیان هـەیـە (ئـەوەش باسـەکـە نیـە) گرنگ ئـەوەیـە کـە کێشـەکـە گـەورەیـە و زۆر مـەحـاڵـە ئـەو خاك و نـازو نیعمـەتـە تـوور هـەڵ دەن و بگـەڕێنـەوە بیابـانێکی سـەوزە نـەدیـو، ئـەوەش کـە ماددەی 140 خـەڵکی ساویلکەی پێ لـە خشـتە ئـەبـرێ تۆزێك زیـاتـر بـۆ خـەڵکـی ڕوونتـر بکـەنـەوە تـا لـە گێژاوی ئومێدی و نا ئومێدی دا بـە ئایندەی کەرکوك تووشی هستیریاو ئیزدیواجیەت نـەبن ئـەو خـەڵکـە و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
17-9-2007 22:11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئێوەش متمانەتان بە یەکجاری لە دەست بدەن! کەواتە ئایا جوولەکەی هاوردە لە زەوییەکانی پێش 67 پاشە کشە ئەکات یان نـــــــــــــــــــاااااا؟ ئەوەیان مەقســـــــــــودە!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.